# ڕۆڵی بە خشکەیی دەربڕین لە بەرهەمهێنانی نوکتەدا

پ.ی.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد
د. عادل رشید قادر
زانکۆی سلێمانی / سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت

2015 - 2016

## پێشەکی

**گرنگی بابەتەکە1/0) :**

لێکۆڵنەوە لە نوکتە وەک دەربڕینو دەقێکی چەسپاو، یەکێکە لەو بابەتانەی، کە پێش هەموو کەس ئەرکی ئەو کەسانەیە کە خۆیان بە شیکردنەوەو پەسنی زمانی کوردییەوە خەریککردووە.

پەیوەست بە لێکۆڵنەوەی پراگماتیکییەوە، بە خشکەیی دەربڕین یەکێکە لەوبوارە پراگماتیکیانەی ڕۆڵی کارای لە بەرهەمهێنانی نوکتەدا هەیە، هەر بۆیە گرنگی ئەم لێکۆڵنەوەیە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان نوکتەو بەخشکەیی دەربڕیندا دەبینرێتەوە.

**سنووری لێکۆڵنەوەکە :)2/0**

ئەو نموونانەی کە لەم لێکۆڵنەوەدا هێنراونەتەوە، هەموویان لە زمانی قسەپێکەرانی کرمانجی ناوەڕاستەوە وەرگیراون، نوکتەکان نوکتەی قۆشمەچیو قسەخۆشەکانی دەوروبەری لێکۆلەرەوانن، کە لە زۆربەی دانیشتنو کۆبوونەوەکاندا گوێهەلخەری ئەم نوکتانە بوون.

**سەرچاوەکانی لێکۆڵنەوەکە :)3/0**

لێکۆڵنەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە. باس لە لە ئاستو لقەکانی زمانو پراگماتیکو بەخشکەیی دەربڕین دەکات، کە سەرچاوەی پێویست بۆ ئەم بەشە لەبەر دەستدابوو، هەرچی بەشی دووەمە تایبەتە بە ڕۆڵی بەخشکەیی دەربڕین لە بەرهەمهێنانی نوکتەدا. لەبەر کەمیو دەگمەنی لێکۆڵنەوە لەسەر ئەم بابەتە، لێکۆلەران لە شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی دەقە هێنراوەکانی نوکتەدا، تەنها پشتیان بە بنەما تیوریەکەو چۆنیەتی تێگەیشتن لە نوکتەکان پەیوەست بە کەلتورو کۆمەڵی کوردی بەستووە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :)4/0**

لەم لێکۆڵنەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریی بەکارهێنراوە.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە :)5/0**

گرفتی ئەم لێکۆڵنەوەیە زۆرتر لەوەدا خۆیی دەبینێتەوە، کە نوکتەکان زۆرینەیان نوکتەی سێکسی بوون، لەرووی کلتورەوە دەستبردن بۆ ئەم بابەتانە ئاسان نییە، چونکە کلتوری کۆمەڵی کوردی کلتورێکی تێکەڵی ئیسلامیی کوردییە، لەم جۆرە کلتورەدا ئەم جۆرە دەربڕینانە قەدەغەو یاساغو تابۆن، ئەم لێکۆڵنەوەیە ڕێچکەیەک دەبێت بۆ کارکردن لە سەر دەقە تابۆکان لە زمانی کوردیدا.

**بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە :)6/0**

لێکۆڵنەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە. باس لە لە ئاستو لقەکانی زمانو پراگماتیکو بەخشکەیی دەربڕین دەکات، تێدا ئەوە خراوەتە ڕوو ئەگەر ڕستەیەک لە ئاستی سیمانتیکدا لێکنەدرایەوە، ئەوا دەبێت لە پراگماتیکدا مەبەستەکە بدۆزینەوە. بەشی دووەم باس لە نوکتەو ڕۆڵی بەخشکەیی دەربڕین لە بەرهەمهێنانی نوکتەدا دەکات.لەم بەشەدا نوکتە وەک بەشێکی ئەدەبیاتی فۆلکلۆرو دەربڕینێکی چەسپاو لێکۆڵراوەتەوە، پاشان ڕووخسارو ناوەرۆکی نوکتە پیشاندراوە. لە دوا پاردا ڕۆڵی بە خشکەیی دەربڕین لە بەرهەمهێنانی نوکتەدا خراوەتەڕوو، لە کۆتایی لێکۆڵنەوەکەدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵنەوەکە بە هەر دوو زمانی عەرەبیو ئینگلیزی خراوەتەبەرچاو.

**) ئاستو لقەکانی زمان1/1**

زمانەوانی وەک چەمکێکی زانستی مرۆیی، پێناسەکردنو ناساندنی ئاسان نییەو بە یەک پێناسە بە تەواوی نا ناسێنرێت، بۆ ئەم مەبەستە چەندین پێناسە لەلایەن زمانەوانانەوە خراونەتەڕوو. زمانەوانی یان زانستی زمان"بەرامبەر بەو زانستە بەکارهاتووە کە لە هەموو ئاستەکانی زمان، دەنگسازیو وشەسازیو ڕستەسازیو واتاسازی دەرونیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو کارەکی دەکۆڵێتەوە" (یوسف شەریف سەعید، (٢٠١١: ٦)). جگە

لەوەی ئاستەکانی زمان جیاو شیدەکاتەوە، دانەی هەریەکەیکیش دیاری دەکات، بۆ نموونە (فۆنێم) یەکەی ئاستی فۆنۆلۆژییەو بەو جۆرە (مۆرفێم) یش یەکەی ئاستی مۆرفۆلۆژیو سینتاکسە. ئاستەکانی زمانیش وەک بەرهەمی شیکردنەوەی زمان بۆچوونی جیاوازیان لە بارەوە دەربڕاوە، " هەموو زمانەوانەکان لەسەر ئاستەکانی زمان و ژمارە یان ڕێک ناکەون" (محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ٥٥))، تەنانەت ڕای جیاواز دەربارەی سەرەکیو ناسەرەکی یان گرنگی ناگرنگی ئاستەکان هەیە. تەنانەت لە مێژووی زمانەوانیدا هەندێکجار (کێشەی فۆنەتیک و واتا)).٢٠١١:٥٥( بۆ زانستە نزیککەکان جێهێڵراوە) (محمد معروف فتاح،

لەبەر سرکی واتا هەندێک لە قوتابخانە زمانەوانییەکان لێکۆڵنەوەی واتاییان بۆ زانستەکانی دیکە بەجێهێشتووە، "بلۆمفیڵد تارادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوەدا نەبووە کە لێکۆڵنەوە لە واتا لە چوارچێوەی زمانناسیدا بکرێت" (دارا حمید محمد (٢٠١٣: ٧٦)). دوای قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری ئەمریکی، چۆمسکی وەک قوتابخانەی زمانەوانی بەرهەمهێنانو گواستنەوە، لە قۆناغێکی دواتری لێکۆڵنەوەکانیدا واتای هێنایەوە ناو لێکۆڵنەوە زمانەوانییەکان.

لەبەر تێکچڕژانی ئاستەکان هەندیک لە ئاستی سینتاکسەوە بۆ فۆنۆلۆژی ، هەندیکی دیکە بە پێچەوانەوە، واتە لە فۆنۆلۆژییەو بۆ سینتاکس دەڕۆن، بۆ نموونە قوتابخانە زمانەوانییە نوێباوەکان لە ئاستی سینتاکسەوە بەرەو فۆنۆلۆژی دەڕۆن، بەڵام بە مەبەستی لێکۆڵنەوە ئەم ئاستانە لە یەکدی جیادەکرینەوەو تەنانەت دانەی هەر ئاستێکیش دیاریکراوە، بۆ نموونە (فۆنێم) یەکەی ئاستی فۆنۆلۆژییەو (مۆرفێم) یش یەکەی ئاستی مۆرفۆلۆژیو سینتاکسەو...هتد (بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئاستەکان بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١).




**هێلكاری ژماره (١)**

هەرئاستەو كارو سنوورومەودای لێكۆڵنەوەی لە ئاستێكی تر جیاوازە، بەڵام دەگونجیَو دەكرێت لێكۆلەر لە كاتی لێكۆڵنەوە لە ئاستێكدا، بە مەبەستی شرۆڤەی زیاتر پەنا بۆ ئاستێكی دیكە بەرێت.

فۆنەیتیك: " فۆنەیتیك، بە پێچەوانەی فۆنۆلۆژییەوە، زۆرتر بێلایەنەو لێكۆڵنەوەیە لە خودی دەنگەكان خۆیان لە دنیا فیزیكیەكەداو لێكۆڵنەوەی فیزیۆلۆژیانەوتوێكاریانەو نۆیرۆلۆژیانەو سایكۆلۆژیانەی ئەدگارەكانی دروستكردنیانە (لە لایەن مرۆڤەوە) (محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٨: ٦٤).

فۆنۆلۆژیی: " فۆنۆلۆژیی دەنگەکان پەسندەکات، دیارییکردنی یەکەکانی فۆنۆلۆژی وهەم چەشنی بنەڕەتییو بنچیینەیی هەم جۆرەکانی تریش (پێڕەوی فۆنێمەکانو ئەلەفۆنەکانو چەشنەکانیان)" (سەرچاوەی پێشوو: ٦٨). دۆزینەوەی ڕێساکانی فۆنۆلۆژیی، کە کۆنترۆڵی یەکەکانی پێڕەوەکە دەکەن لەگەڵ پەسنکردنی فۆنۆلۆژیی پێرەکەی کاری بابەتی فۆنۆلۆژییە.

مۆرفۆلۆژیی: مۆرفۆلۆژیی وەک لقێکی زانستی زمان لە دروستەی ناوەوەی وشەکان دەکۆلێتەوەو پەسەنیاندەکات، کەواتە مۆرفۆلۆژی ڕێکخستنی وشەکانو دروستکردنیانە، مۆرفۆلۆژیی ئەرکی وشە دروستکردنە (هەڵگواستنو لەیەکدان) لە فەرهەنگداو شکاندنەوەو ریزبوونە لە سینتاکسدا" (بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢: ٣٣)).

سینتاکس: "سینتاکس لە خستنەپاڵیەکی مۆرفیمەکان لە وشەو وشەکان لە فریزو فریز لە ڕستەدا دەکۆلێتەوە دروستەکانیان پەسەندەکات. هەروەها ئەو بنەماو یاسایانەش دیاریدەکات، کە ڕێگە بەم خستنەتەکیەکانە دەدەن" (سەرچاوەی پێشوو، (٢٠١٢: ١٥)).

سیمانتیک: " سیمانتیک وەک لقێکی زانستی زمان خۆی بە ڕەهەندەکانی واتامەندیی پێڕەوبەندانەی دەربڕاوە زمانییەکانەوە خەریکدەکات، سیمانتیک زانستو تیوریی ڕێکخستنو یاسابەندێتیی هەندێک لایەنی دییوی واتای هێما زمانییەکانە" (محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩: ٢١-٢٢)).(

پراگماتیک: لەپراگماتیکدا قسەکەر شتێک دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە ، گوێگریش شتێک دەبیستێت و شتێکی تر لێکدەداتەوە "پراگماتیک کار لەسەر لێکۆڵنەوەی واتاو پێوەندی نێوان قسەپێکەران دەکات، بە شیکردنەوەی قسەی قسە پێکەرانەوە خوی خەریکدەکات، دەیەوێت بزانێت خەڵک چی لە دەم دەردەچێتو چی مەبەستە ." ((Jean A, (1999:8)

زانستی زمانی جێبەجێکەرانە (کارەکی) : "لقێکی زانستی زمانە، بە مەبەستی فێرکردنی زمان بەکاردەهێنرێت" (سەرچاوەی پێشوو، (١٩٩٩: ٨)).

زانستی زمانی دەروونی: "زانستی زمانی دەروونیی خۆی بە خستنەڕوویئەو هاوبەشیو ناوکۆییانەوە خەریک دەکات، کە لە نێوان زانستی

زمـــانو زانســـتی دەروونناســـی هەیە، ئەمـــیش لە پێنـــاوی پەســـەندكردنو بەدەستهێنانی مـۆدێلێكی نمـوونەیی بـۆ زمـان". (ئاڤێسـتا كەمـال مەحمـوود، (٢٠١٢: ٤١)).

زانسـتی زمـانی كـۆمەڵایەتی (كۆزمـانەوانی): لقێكـی زانسـتی زمـانە"لە ئاریشـەكانی دیـالێكتە جوگرافییەكـانو دیـالێكتە كۆمەڵایەتییەكـانو كۆمەڵگـای دوو زمانیو كاریگەری نێوان زمانو كۆمەڵگا دەكۆلێتەوە" (یوسـف شـەریف سـەعید، (٢٠١١: ٢٠)). یـان "لێكـۆڵنەوەیە لە زمـانو لایەنـی كـۆمەڵایەتی" (سەرچاوەی پێشووتر، (١٩٩٩: ٨)).

### (1/1/1 **پراگماتیك**

ئاخاوتنەكـان تەنهـا لە ریزكردنـی مۆرفێمەكـان لە وشـەو وشـەكان لە فرێزو فرێز لە ڕستەو ڕستە لە گوتنەكاندا پێكنـایەن، نابێت نرخو بەهـای هەر یەكەیەك لە لێكدانەوەی ڕووكەشیانەی سیمانتیكەوە بەرهەمبێت.

بەهـای هەریەك لە یەكەكـان لەو زانیارییـانەوە بەدەستدێت، كە مەرج نییە وتـراو بەرجەســتەبن، بەڵكــو بەهــای ئەم یەكە پێكهێـنەرانە، جـۆری واتــا (فەرهەنگیو میتافۆری و ئیدیەمی ... هتد)دیاریدەكاتو پرۆسـە سـایكۆلۆژییو سۆسیۆژییەكانی نێوان قسـەكەرو گوێگر دەردەخـاتو مەبەسـتی پراگمـاتیكی دەگەیێنێت.

وشـــە ســـادەكان لە فەرهەنگـــی زمانـــدا تۆمـــاردەكرین، بە هـــۆی نیشـانەواتاییەكانیانەوە (+ ، -) واتـای فەرهەنگیـان دیاریـدەكرێت، بەڵام كاتێك بە پرۆسـە مۆرفۆلـۆژی و سینتاكسیەكاندا دەڕۆن لە هەنـدیك بـاردا واتـای تـر وەردەگرن (بڕوانە (١)).

-ا1) /سەر/، /خر/، /زمان/، /دریژ/، /دەم/، /ڕاست/ ...هتد واتایان فەرهەنگییە.

ب) /سەرخڕ/، /سەرپان/، /سـەرزل/، /دەمزل/... هتد واتایان فەرهـەنگییە.

پ) /سـەرگەورە/، /دەمڕاسـت/، /زمانـدرێژ/، > دڵـی ئـاوی خـواردەوە<... هتـد واتایان میتافۆرییە.

لە نموونەکانی (١- ب، پ) دا واتای یەکەکان پێشبینیکراوە، تاڕادەیەک لە یەکەکانەوە دەستدەکەوێت، بەڵام لە زماندا نموونەی لەو چەشنە هەیە، کەواتا لە یەکە پێکهێنەرەکانەوە دەستناکەوێتو پێشبینیناکرێت، کە ئەم واتایەش واتای ئیدیەمییە (بڕوانە (٢)).

<٢) چنگ لەسەر شان<، >کەس نالێت کەرتان بە چەند<؟، /یەکشەوە/، /ژەقنەمووت/ ، /سەرشین/، /پاچوخاکەناز/ ...هتد.

ئەم نموونانە لە سیمانتیکدا لێکدەدرینەوە، چونکە سیمانتیک خۆی بە لێکدانەوەی واتای (فەرهەنگیو گراماتیکیو میتافۆری و ئیدیەمی)یەوە خەریکدەکات.

قسەکەر لە ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەدا، هەندێک مەبەستی هەیە نایەوێت ڕاستەوخۆ و بە ئاشکراو ڕوونی دەریانببڕێت، ئەم مەبەستانە لە ناو دەربڕاوە بەرهەمهێنراوەکاندا بەرجەستە نینو بوونیان نییە، بەڵام نەوتراوی پشت وتراوەکانن، کە ئەمەش ئابووری کردنە لە زماندا، چونکە "قسەکەر لەوە زۆرتر مەبەستێتی، کە بە ڕاستی بە کردەوە دەیەوێت بیڵێت. گوێگریش لەو واتا زیادانە دەگات" (محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩: ٢١٠). واتە لە پراگماتیکدا قسەکەر شتێک دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە ، گوێگریش شتێک دەبیستێت و شتێکی تر لێکدەداتەوە، کە ئەمەش پێوەندی بەوەو نییە قسەکەر یان گوێگر پسپۆڕیان زانستی زمان بێت، چونکە قسەکەر دەیەوێت ئابووری بکات لە زماندا، بە کەمترین کاتو وزە زۆرترین زانیاری بگەیێنێت. کە ئەم سەلیقەیە بە ئەزموون لە ناو کۆمەڵەوە فێردەبێت. دەربڕینە چەسپاوەکانیش (پەند، ئیدیەم، کۆمەڵەوشە، میتافۆر) هەر ئەمە ئامانجیانە. نوکتەش جگە لەوەی ئابووری کردنە، گەیاندنی واتایە زۆر لەوە زیاتر لە نوکتەدا هاتووە و هەندێک جاریش بە مەبەستی سوکردنی بارو حالەت یان واتای مەبەستە، واتە واتاکە بە ناراستەوخۆیی دەگات.

زمانەوانەکان ژمارەیەکی زۆر پێناسەیان بۆ پراگماتیک خستوەتەڕوو، ئەم لێکۆڵنەوەیە زیاتر گرنگی بەو پێناسانە دەدات، کە لە شیکردنەوەی نوکتەدا سوودیان لێوەردەگیرێت.

پراگماتیـک: "پراگماتیـک لێکدانەوەی ئەو لایەنـانەی واتـایە، کە نـاچنە نـاو واتاسـازییەوە، واتە پراگماتیک لەو واتایانە دەکۆڵێتەوە، کە فەرهەنگی نەبن"، "کەواتە پراگماتیـک ئەوەیە لەنـاو ئەو هەمـوو واتـایە، واتـایەک بـدۆزیتەوە، کە قسـەکەر مەبەسـتیەتی". ( محمـد معروف فتـاح، (٢٠١١: ١٩٠، ١٩١) واتە کاتێک گوتنێک لە سـێمانتکدا لێکنەدرایەوە، دەبێت پراگماتیک لێکیبداتەوە، هەر لەبەر ئەمەشـە کە لە هێڵکـاری ژمـارە (١) دا پراگماتیـک دوای سـێمانتیک هـاتووە (بڕوانە (٣)).

شیلان تاقە کوڕی مام قادرە. ٣)

لە (٣) دا (شـیلان) نـاوی کـچە، زۆر دەگمـەنە کوڕێک هەبێت نـاوی (شـیلان) بێت. بۆیە لێکدانەوەی ئەم ڕستەیە لە سێمانتیکدا زحمەتو ئالۆزە، بۆیە ئەگەر دەوروبەرێـکو بەکارهێنـانێکی پراگمـاتیکی دروسـتبکەینو گـوێگر قـوڵتر بیربکـاتەوەو ئاسـتی سـێمانتیک بەجێبهێڵێـتو بەدوای مەبەسـی قسـەکەردا بگەڕێت، کە بـریتییە لەوەی مـام قـادر سـەرەڕای ئەو هەمـوو کـوڕە (شـیلان) کارەکـانی بـۆ ڕادەپەڕێنێت. ئەم ڕسـتەیە بەخشـکەیی دەڵێـت (شـیلان) جـێ هەمـوو کوڕەکـانی گرتـوەتەوە. لە مێژوودا نمـوونەی ئەم جـۆرە بەکارهێنـانە زۆرە (بڕوانە (٤)).

4 )

. ا- گۆلدا مایەر تاکە پیاوبووە لە ئەنجومەنی وەزیرانی ئیسرائیلدا

. ب- بێمـوچەیی گەورەتـرین دەسـتکەوتی سـەربەخۆیی ئـابووریو فرۆشـتنی نەوتە

### ) بنەماكانی هاریكاری لای گرایس1/1/1/1

پەیوەنـد بە پراگمـاتیکەوە پێویسـتە ئامـاژە بە بنەماکـانی هاریکـاری لای گـرایس بـدەین ، (گـرایس) پێیوابـوو ئـاخێوەران لە ئاخاوتنـدا پێـڕەوی چەنـد بنەمـایەک دەکەن، بـۆ ئەوەی پرۆسـەی پەیوەنـدیکردن بە سـەرکەوتوویی ئەنجامبدرێت. ئەگەر ئەم بنەمایانە پشتگوێخران ئەوا پەیوەندی دروسـتنابێتو

گەیاندنی بیرەکە سەرکەوتوو نابێت. واتە بەزاندنی ئەم بنەمایانە مەبەستی پراگماتیکی دروست دەبێت.

بنەمای چەندێتی: جەخت لەوە دەکاتەوە1 :

أ-کە بڕی گوتنەکە بە پێی پێویستی بێت، ئەوەندە زانیاری بخەرە ڕوو کە گوێگر پێویستەتی.

زیاتر لە پێویست بەشداری گوتنەکە مەکە (بڕوانە (٥)). ب-

گفتوگۆی نێوان دوو هاوڕێ :)5

- بۆ کوێ دەچیت؟

.- بۆ زانکۆ

لە (٥) دا، سەرجەم بنەماکان پێڕەوکراون، مەبەستەکە دەربڕاوەو تێگەیشتن هاتوەتە ئاراوە، لەبەر ئەوە هیچ لێکەوتەیکی واتاییو مەبەستێکی پراگماتیکی لێناکەوێتەوە. واتە بڕی گوتنەکەو بەشداری کەسەکان بە پێی پێویستە.

بنەمای چۆنییەتی: جەخت لەسەر دروستی گوتنەکان دەکاتەوە. :-2

أ-ئەوەی ڕاست نییە مەیلێ.

ب-ئەوەی بەڵگەت لە سەری نییە مەیخەرە ڕوو، واتە دەبێت وتنەکان ناڕوونیو هەڵخەڵەتاندنیان تێدا نەبێت (بڕوانە (٦، ٧)).

گفتوگۆی نێوان خوێندکارو مامۆستا :)6

- خوێندکار: مامۆستا زەوی بە دەوری چیدا دەسوڕێتەوە؟

- مامۆستا : زەوی بە دەوری خۆرو خویدا دەسوڕێتەوە.

لە (٦) دا، خوێندکار پرسیاری زەوی کردووە، مامۆستاش بەپێی کلتوری زانیارییە زانستەکانی فیزیاو فەلەکناسی وەڵامێکی دروستی داوەتەوە، چونکە لە زانستی فیزیادا ئەوە دیاریکراوەوە، کە زەوی لە (٢٤) کاتژمیردا جارێک بە دەوری خویدا و لە ساڵێکدا جارێک بە دەوری خۆردا دەسوریتەوە، کە ئەمەش شەوو ڕۆژو وەرزەکان دروستدەکات. کەواتە بنەمای ڕاستی پەیوەست بە زانستی فیزیاو فەلەکناسییەوە پێشێل نەکراوە.

گفتوگۆی نێوان ژنو مێردێک:)7

- ژن: هاتیتەوە؟ خواردنەکەت هێنا؟
- مێرد: هاتمەوەو خواردنەکەم هێنا.

لە (٧) دا، پێشێلی هیچ بنەمایەک نەکراوە، دوو پرسیار کراوە، وەڵامی هەردوو پرسیارەکە دراوەتەوە. مێردەکە بەڵگەی پێیە کە خوادنەکەیە بەدەستییەوەیەتی.

-٣-بنەمای پەیوەندی: باس لەوە دەکات، ئەو گوتنەی کە دەردەبڕێت دەبێت پەیوەندی بە بابەتی ئاخاوتنەکەوە هەبێت، یان وەڵامەکان پەیوەندییان بە پرسیاری قسەکەرەوە هەبێت، واتە لەبارو گونجاو بن (بڕوانە (٨)).

گفتوگۆی نێوان نێوان دایکو کچێک :)8

- دەخوێنیت یان شوو دەکەی؟
- دەخوێنم.

بنەمای شێواز: پێماندەڵێت، دەبێت گوتنەکە4 :

أ- ڕوونو سنووردار بێت.

ب- دوور بێت لە هەموو لێڵیو تەمومژو شاراوەییەک، کورتوپوختو ڕێکوپێک بێت (بڕوانە (٩)).

گفتوگۆی نێوان دوو هاوڕێ:)9

- ئازاد لە کوێیە؟
- لە ماڵی نەوزادە.

## واتای بەخشکەیی دەربڕین ) 1/1/1/2

پێڕەوکردنی بنەماکانی هاریکاری گرایس، واتای بە ئاشکرا دەربڕین بەرهەمدەهێنێت، واتە پەیوەندیەکی ئاشکراو ڕوونی نێوان نێرەرو وەرگر دێنێتە کایەوە، واتای بە ئاشکرا دەربڕین بەرانبەر واتای بەخشکەیی دەربڕین دەوەستێت لە پراگماتیکدا. واتای بەخشکەیی دەربڕین وەک لقێکی زانستی پراگماتیک " لە دەرەوەی ڕێساگشتییەکانی هاوکاریکردندا دەردەکەوێت" (بکر عمر علی، تریفە عمر احمد، (٢٠١٠: ١١)، یان "واتایەکی دەربڕاوە، کە قسەکەر

دەتوانێت لە ڕێی جفرە لێکدانەوەو پەیوەست بوون بە پرنسیپی هاوبەشی گرایسەوە بە ئاسانی شیبکاتەوە" (ئاڤێستا کەمال مەحمود، (۲۰۰۹: ۷۰)).

پێڕەو نەکردن یان لادانو بەزاندنی ئەو بنەمایانەی کە گرایس دیاریکردن، بەخشکەیی دەربڕین دێننە ئاراوە. چونکە بەزاندنی هەریەک لەم بنەمایانە، (ئەو زانیاریانەی کە دەگوێزرێنەوە لە کردەی پەیوەندیکردندا مەبەستی پراگماتیکی لێدەکەوێتەوەو بیرێکی شاراوە . Yule G,(1996: (38دەخاتەڕوو))

واتاو مەبەستی بەخشکەیی لە پەیامەکاندا، پەیوەندی بە هەڵگواستنی وەرگرەوە هەیە، چونکە نێرەر ئابووری لە زماندا دەکاتو وەرگریش ئەگەر توانی پەیامەکە لێکبداتەوە، ئەوا هەر بەو شێوەیە ئابوورکردنە، بە مەبەستی خستنەڕووی بەزاندنو پێشێلکردنی بنەماکانی گرایس چەند نموونەیەک دەخرێنەروو:

1- بنەمای چەندێتی، (بڕوانە (۱۰)).

10): گفتوگۆی نێوان دوو هاوڕێ

- بۆ کوێ دەچیت؟

- بۆ ڕاوەکچ بۆزانکۆ.

لە (۱۰) دا، بنەمای چەندییەتی بەزێنراوە، چونکە زانیاری زیاد لە پێویست خراوەتەڕوو.

۲) بنەمای چۆنییەتی، (بڕوانە (۱۱)).

11): گفتوگۆی نێوان خوێندکارو مامۆستا

- خوێندکار: مامۆستا تۆ بڵێیت دەرچم؟

- مامۆستا : ئێستەش دەرچیت سەری ساڵ دەکەویت

لە (۱۱) دا، خوێندکار پرسیاری دەرچوونی کردووە، مامۆستاش بەبێ بەڵگە وەڵامی داوەتەوە، کە ئەگەر ئێستەش دەرچیت سەری ساڵ دەکەوێت، بەڵام ئەگەر خوێندکارەکە هەوڵبدات بۆی هەیە دەرچێت.

گفتوگۆی نێوان ژنو مێردێک :)12
- ژن: هاتیتەوە؟ خواردنەکەت هێنا؟
- مێرد: هاتمەوە.

لە (١٢) دا، پێشێلی بنەمای چۆنییەتی کراوە، دوو پرسیار کراوە، وەڵامی هەردوو. پرسیارەکە نەدراوەتەوە، وتنەکان ناڕوونیو هەڵخەڵەتاندنیان تێدایە.

- بنەمای پەیوەندی (بڕوانە (١٣)).3
گفتوگۆی نێوان نێوان دایکو کچێک :)13
- دەخوێنیت یان شوو دەکەی؟
- زۆر نەخۆشم.
بنەمای شێواز، (بڕوانە (١٤)). -4

) گفتوگۆی نێوان دوو هاوڕێ:14
- ئازاد لە کوێیە؟
- جوتێک پوتی قاوەیی لە حەوشەکەی ماڵی نەوزادە.

لە (١٤) دا، بنەمای شێواز بەزێنراوە چونکە وەڵامەکە ڕاستەخۆ پەیوەندی بە پرسیارەکەوە نییە، بەڵام ئەگەر گوێگر ئەو زانیارییەی هەبێت، کە پێڵاوەکانی ئازاد پوتی قاوەییە، ئەوە تێدەگات کە پەیوەندی لە نیوان پوتی قاوەییو ئازادا هەیە، کە شوێنی ئازاد دەردەخات.

**) بەرهەمهێنانی نوکتە 2/1**

**) نوکتە 2/1/1**

لێکۆڵەرەوانی نوکتە گێڕانەوەی نوکتە بە هونەر دەزانن، گەیاندنی پەیامو وروژاندنی گوێگرو دروستکردنی کاریگەریی مەرجی سەرکەوتنی نوکتە گێڕەوەن، بەو واتایەی لە گێڕانەوەی نوکتەدا چێوەی بارو سیستەمی دەنگیو جولەی لەشو ڕوخسار ڕۆلێکی باڵایان هەیە. هەر لەبەر ئەمەیە ئەو گێڕانەوەیەی لە زمانێکدا نوکتەیە، مەرج نییە لە زمانێکی تردا نوکتە بێت.

ئامـانجی نـوکتە هۆشـیارکردنەوەو بەئاگـا هێنـانەوەیە یـان بـۆ گەیانـدنی زانیـاری‌و دڵـدانەوەیە یـان وانەیەکـی مەعـریفییە واتە خـاوەن پەیـامە، یـان ڕەخنەیە یان گەیاندنی چێژو چەشـەیەکی خۆشـی بەخشـە، کە ئەنجامەکەی پێکەنینە. یان بە واتایەکی تر پێکەنین ئەنجامی گێڕانەوە یان بیرکردنەوەی نوکتەیە، واتە کاتێک پێدەکەنین نوکتە پێهێنەرەکە ڕوویداوە.

### 2/1/1/1) پێناسەی نوکتە

نـوکتە وەک ژانرێکـی ئەدەبـی فۆلکلـۆر لە زۆر ڕووەوە پێناسـە کـراوە (ئیـدریس عەبـدوڵڵا، ٢٠١٤: ١٩٧ – ١٩٨)، بەڵام ئەوەی بەلای ئەم لێکـۆڵنەوەیە گـرنگە پێناسـەی نـوکتەیە لە ڕووی زمـانەوانییەوە. نـوکتە وەک دەربڕینێکـی چەسـپاوی زمـانە یـان بیـرێکە، یـان وەک (ئیـدیەم‌و پەندو...هتـد) قسـەی ئامـادەکراوی زمـانن هەمیشـە بەدەسـت قسـەکەرانەوەن و گوتنەکانیـان پـێ بەهێـز دەکەن‌و قەنـاعەت بە بەرانبەرەکانیـان دەهێـنن، بەڵام دەشـێت لە گێڕانەوەکەیدا کەسی گێڕەڕەوە هەندێک زیادو کەمی بەسـەردا بێنێت‌و سوود لە خەیـاڵی خـۆی ببینێت. بەکارهێنـانی ئەم دەربڕینـانە ئـابووری کـردنە بـۆ قسـەکەر، ئەگەر چەمـکەکە بە ئاسـانی گەیشـە گـوێگر، ئەوا بـۆ گـوێگریش ئابووری کردنە.

نوکتە لە ڕووی زمـانەوانییەوە: "بە واتـای ئەو مەسـەلە وردە دێت، کە لە گۆشـەنیگایەکی وردو فیکرێکـی قـووڵ‌و ئامـانجێکی دیـاریکراوەوە دروسـت دەکرێ" (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ١٩٧)).

نـوکتە لە ڕووی فەلسـەفییەوە شـتی ناسروشـتی یان پێشـبینینەکراو یـان گـۆڕینی ڕۆڵەکـان دەگـرێتەوە، وەک پاشـایەک دەوری گەدایەک ببینێـت یـان منداڵێک ئامۆژگاری باوکی بکات ... هتد.

### 2/1/1/2) نوکتە لە ڕووی ڕوخسارەوە

نـوکتە لەڕووی ڕوخسـارەوە لە شـێوەی حکایەتێکی کـورت، یـان گفتوگـۆ یان تێکەڵکردنی هەردووکیاندایە. شێوەیەک لە نوکتە لە سـەر بنەمـای زانیـاری پێشوەخت وتراوە قالبدارەکە، بەرەو پێچەوانەو ڕێکنەوتن‌و دژیەکی دەڕوات،

بەو واتـــایەی "قسـەــ لەگەڵ كراوســـەرەتا چـــاوەڕوانی شـــتێكی تـــرە، بەڵام چـاوەڕوانییەكە جێبەجێ نابێتو شـتێكی تـر دەردەچێت" (یوسـف شـەریف سەعید، (٢٠١١: ١١٤)) (بڕوانە (١٥).

15) كابرایەك دەچێت بۆ گەرماو ژێر پیاڵە لەگەڵ خۆیی دەبات، بۆچی؟

- تاوەكو ئاوی گەرماوەكەی پێ ساردبكاتەوە.

**٣/١/١/٢) نوكتە لە ڕووی ناوەڕۆكەوە**

نـوكتە قسـەی ئامـادەی زمـانو هەمیشـە بەدەسـت قسـەكەرانەوەن و گوتنەكانیان پێ بەهێز دەكەنو قەناعەت بە بەرانبەرەكانیان دەهێنن، زۆرێك لە نوكتەكـان واتایـان فـراوانە، واتە بـۆ زۆر بـارو دۆخ دەبـن . لە ئەنجـامی بڵاوبییـــان و زۆر دووبارەكردنەوەیـــان، زۆریـــنەی قســـەپێكەرانی زمـــانەكە دەیانزانن (بڕوانە (١٦).

١٦) - حەزرەتی یونس كاتێك لە لایەن ئامۆزاكانییەوە خرایە ناو چاڵێكەو بە دایكیان گوت، سەگ خواردیەتی.

- حەزەتی یونس نەبوو یوسف بوو، ئامۆزا نەبوو برا بوو، چاڵ نەبوو بیر بوو، دایك نەبوو باوك بوو، سەگ نەبوو گورگ بوو.

ئەگەر ئەم نـوكتەیە یـان هاوشـێوەی ئەم نـوكتەیە وەربگـرین، كۆمەڵێـك لێكدانەوەی بۆ دەكرێت ، یان دەتوانرێت لە كۆمەڵێك هەلومەرجدا بهێنرێتەوە . بەكارهێنانی ئەم نوكتەیە بە واتا فەرهەنگییەی وەهای لێكردووە ، بۆ هەمـوو حاڵەتێك بەكاربهێنرێن.

ئەم نـوكتەیە لە ئاسـتێكی زۆر تەسكدا پەیوەندی بە /یوسـف/ەوە هەیە . بەڵكـو واتـایەكی فراوانتـر لە خـۆ دەگرێـت، كە ئەویـش پەیوەنـدی بە هەمـوو جـۆرە هەڵەیـێكەوە هەیە. ئەمەش واتـا فـراوانەكەی دروسـتكردووە . دەكرێـت ئەم نـوكتەیە بـۆ هەڵەی ڕاهێنەرێـك یـان مامۆسـتایەك یـان دادوەرێـك ...هتـد بهێنـرێتەوە. ئەو كـات فـۆرمی نـوكتەكە زۆر نزیـك دەبێـت لە واتـاكەیەوە (كە واتایەكی فەرهەنگییە).

لێكـــۆڵەرەوانی ئەدەبیـــاتی فۆلكلـــۆر نوكتەیـــان لەڕووی نـــاوەڕۆكەوە بەشـكردووە بـۆ: نـوكتەی سیاسـی، نـوكتەی پەروەردەیـی، نـوكتەی ئـاینی،

نوكتەی كۆمەڵایەتی. لە ناو نوكتەی كۆمەڵایەتیدا نوكتەی سێكسی كە تابۆن پانتاییەكی فراوانیان لە كۆمەڵی كوردیدا داگیركردووە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو كۆمەڵو نەتەوانەی ئاسانكاری بۆ سێكس ناكەنو بەیاسا و ئاین ڕێكیان خستوە، باسكردنی لە ئەنجامدانی زیاترە، چونكە "ئەو وزەیەی سێكس لە مرۆڤدا دروستیدەكات زۆر زیاترە لەوەی لە كۆمەڵگا كۆنترۆلەكاندا مەسرەف دەكرێت" (ڕێبوار سیوەیلی، (٢٠١٣: ٦٨)) (بڕوانە (١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣)).

**2/2) ڕۆڵی بە خشكەیی دەربڕین لە بەرهەمهێنانی نوكتەدا**

ئەم لێكوڵینەوەیە، لەم وەچەپارەدا هەوڵدەدات كۆمەڵێك نوكتە بخاتەڕوو لەگەڵئەوەشدا ڕۆڵی پراگماتیكو بەتایبەتی بەخشكەیی دەربڕین لە بەرهەمهێنانی نوكتەكاندا ڕوونبكاتەوەو شرۆڤەیەكی زمانەوانی بكات (بڕوانە (١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢)).

١٧) دەگێڕنەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان پاشایەك هۆنراوەیەكی نوسی، مەلا نەسرەدینیان بانگرد تا هۆنراوە هەڵبسەنگێنێت، پاش هەڵسەنگاندن مەلا وتی ئەمە هۆنراوە نییە، مەلایان برد بۆ زیندان داركاریانكرد، پاشان پاشا هۆنراوەیەكی تری نوسی، مەلایان بانگكردەوە بۆ هەڵسەنگاندن، پاشان مەلا بێئەوەی قسە بكات بەرەو زیندان بەڕێكەوت.

ئەو لێكەوتە واتاییەی لەم نوكتەیە دەستدەكەوێت، خراپی هۆنراوەی دووەمی پاشایە، بەو پێیەی مەلا ڕێی زیندانی گرتوەتەوەبەر. لەم نوكتەیەدا هەردوو بنەمای پەیوەندیو شێواز بەزێنراون، چونكە بنەمای پەیوەندی باس لەوە دەكات، ئەو گوتنەی كە دەردەبڕێت دەبێت پەیوەندی بە بابەتی ئاخاوتنەكەوە هەبێت، یان وەڵامەكان پەیوەندییان بە پرسیاری قسەكەرەوە هەبێت، كە لێرەدا هەڵسوكەوتی مەلا پەیوەندی بە پرسیاری قسەكەرەوە نەبووە. بنەمای شێواز پێماندەڵێت، دەبێت گوتنەكە دوور بێت لە هەموو لێڵیو تەمومژو شاراوەییەك، كورتوپوختو ڕێكوپێك بێت، بەڵام هەڵسوكەوتی مەلا ڕوونی تیا نییە، بەڵكو تەمومژاوییە. نابێت نكولی لەوەش بكرێت زمانی جەستە ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی ئەم نوكتەیەدا هەیە.

١٨) دەگیـــڕنەوە ڕۆژێـــک بـــارامبەگ لەگەڵ پیاوێـــک لەبەشـــی ســـەرەوەی دیوەخانێک دانیشـتوون، پیـاوە لە پڕ بـایەکی دەنگداری لێدەردەچێت، پـاش کەمێک لە پڕێکدا پیـاوە بە منـدالێک دەڵێت ئەو بەرمـالەم نـادەیتێ نـوێژەکەم بکەم. بـارامبەگیش دەڵێت، سێ بە سێ تەڵاقـم کەوتبێت ئەو نـوێژە ناکەیت، پیـاوە دەڵێـت بـۆچی، بـارامبەگ دەڵێـت، ئەگەر تـۆ نـوێژبکەی مانـای وایە مـن بایەکەم لێدەرچووە.

بەپێی زانیاری پێشوەختە گوێگر ئەوە دەزانێت کەسێک نوێژبکات دەبێت دەسـتنوێژی هەبێـتو ئەو دەسـتنوێژە نەشـکابێت. ئەوەی لێـرەدا نـوکتەکەی بەرهەمهێنـــاوە داواکردنـــی بەرمـــاڵ بـــووە لەلایەن پیـــاوەکەوە کە هـــیچ پەیوەنـدیەکی بە بـاس و خواسـی نـاو دیوەخـانەوە نەبـووە، بەڵکو بـۆ پەرێـز پـاککردنەوە بـووە، ئەمەش بەزانـدنی بنەمـای پەیوەنـدییە، چـونکە بنەمـای پەیوەندی  باس لەوە دەکات، ئەو گوتنەی کە دەردەبڕێت دەبێت پەیوەندی بە بابەتی ئاخاوتنەکەوە هەبێت.

١٩) ڕۆژێک ژنێک لە بازاڕ لەگەڵ کوڕە بچوکەکەیدا کەلوپەل دەکڕێت، لەپڕ دۆستێکی ژنەکە پەیدا دەبێتو ملوانکەیەک بۆ ژنەکە دەکڕێت، منداڵی ژنەکە زۆری پێنـاخۆش دەبێـتو دەڵێـت دایە ئەو پیـاوە کێـیە؟ بـۆچی ملـوانکەی بۆکریت؟ دایکەش دەڵێت، ڕۆڵە خزمـی خۆمـانە، قەیناکـا بـا شـتم بـۆ بکڕێت، منداڵەکەش دەڵێت، ئەگەر شتت پێویستە بۆ بە بـاوکم ناڵێت تـا بـۆت بکڕێت، ژنەش دەڵێـت: وازبێـنە کـوڕم ئەگەر چـاوەڕێی باوکـت بومـایە ئێسـتە تـۆش نەدەبووی.    < + کۆنە دۆست باوکی منداڵەکەیە

لەم نـوکتەیەدا وەڵامـی ژنەکە (وازبێـنە کـوڕم ئەگەر چـاوەڕێی باوکـت بومایە ئێستە تۆش نەدەبووی) وەڵامێکە تەمومژاویو لێڵە بەلای منداڵەکەوە، ئەمەش بەزاندنی بنەمای شێوازە کە پێماندەڵێت، دەبێت گوتنەکە دوور بێت لە هەموو لێڵیو تەمومژو شاراوەییەک، کورتوپوختو ڕێکوپێک بێت.

٢٠) ڕۆژێک لە رۆژان کوڕێک دەیەوێت بڕوات بۆ هاندەران، باوکی کوڕە ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکاتو دەڵێت، کوڕم لەوێ ئەمـلاوئەولا نەکەیتو هەندێک شوێن هەن بۆیان نەچیت، کوڕەش دەڵێت باوکە بۆ نەچم؟ باوکە دەڵێت ئاخر کوڕم توشی ئایدز دەبیت، کوڕەش دەڵێت، ئەوە تەنها زیانی بۆ خۆم هەیە، باوکەش دەڵێت ناکوڕم وا نییە، کوڕە دەڵێت چۆن؟ باوکە دەڵێت، کوڕم تۆ دێتەوە بۆ ئێرە، ئەگەر تۆ توش بوبیت ئەوا خزمەتکارەکەمان توش دەبێت، کە ئەویش توشبوو باوکیشت توش دەبێت، کە باوکیشت توشبوو ئۆتۆماتیکی دایکیشت توش دەبێت، کە دایکیشت توشبوو هەموو شار توش دەبێت.

لەم نوکتەیەداو لە زانیارییە پێشوەختەکانی گوێگردا ئەوە زانیارییە هەیە، کە ئایدز نەخۆشییەکە لە ڕێگەی سێکسەوە دەگوێزرتەوە، باوک لەم گفتوگۆیانەدا بە شێوەیەکی لێڵو تەمومژاوی دەیەوێت بڵێت، من (باوک) تۆ (کوڕ) سێکس لەگەڵ خزمەتکارەکەماندا دەکەین، منیش (باوک) سێکس لەگەڵ دایکدا دەکەم، دایکیش سێکس لەگەڵ هەموو شاردا دەکات، کە ئەمەش بەزاندنی بنەمای شێوازە کە جەخت لەسەر ڕوونی گوتنەکان دەکاتەوە.

٢١)پیاوێک مایەسیری دەبێتو دەچێت بۆ لای پزیشک، پزیشکەکە مەلحەمێکی پێدەدات تا شەوان پێی چەوربکات، وەک ڕێنمایی پزیشکەکە یەک جار خۆیی بۆی چەور دەکات، پیاوە دەڕواتەوە بۆ ماڵەوەو بە ژنەکەی دەڵێت بۆم چەور بکە، لەکاتی چەورکردنەکەدا ژنەکە دەستێکی لەسەر شانی مێردەکەی دادەنێت، پیاوەکە بەژنەکەی دەلێت ئەی دەستەکەی ترت لەکوێیە؟ ژنەکە دەڵێت، کارەکەی پێ ئەنجام دەدەم، پیاوەکە دەلێت: زۆر سەیرە ژنەکە دوێنێ پزیشکەکە هەردوو دەستی لەسەر شانم بوو، کەچی بۆشی چەوردەکردم!

لەم نوکتەیەدا بنەمای شێواز پێشێلکراوە، چونکە گوتنی پیاوەکە ئەگەر لە گێلیەتیەوە نەبێت، لێڵو تەمومژاویە، پزیشک لە پرۆسەیەکی ناشەرعیدا بۆی چەورکردووە. بۆیە توانیویەتی هەردوو دەستی بەکار نەهێنێت.

٢٢) پیاوێک زەردەواڵە بە سەری زەکەریەوە دەدات، هەڵدەئاوسێتو ئازاری هەیە، ژنەکەی دەیبات بۆ لای پزیشک، پزیشک دەڵێت چی لێبکەم؟ ژنەکەی دەڵێت، دکتۆر گیان تەنها ئازارەکەی مەهێڵە.

لەم نوکتەیەدا بنەمای چۆنییەتی بەزێنراوەو پێشێلکراوە، چونکە بنەمای چۆنییەتی جەخت لەسەر دروستی گوتنەکان دەکاتەوە، ئەم بنەمایە جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەوەی بەڵگەت لە سەری نییە مەیخەرە ڕوو، واتە دەبێت وتنەکان ناڕوونیو هەڵخەڵەتاندنیان تێدا نەبێت. بەڵام لەم نوکتەیەدا ژنەکە بە پزیشکەکە دەڵێت، تەنها ئازارەکەی مەهێڵە، ئەوەی نەگوتراوە ئەوەیە کە واز لە هەڵئاوساویەکەی بهێنە.

٢٣) پیاوێک دەڕوات بۆ تاقیگەی شیکاری خوێن، پەرستارەکە یەک دوو جار دەرزی بە پەنجەیدا دەکات، بەڵام خوێنی پێویستی بۆ شیکارییەکە دەستناکەوێت، ناچار پەرستارەکە پەنجەی پیاوە نەخۆشەکە دەمژێت، پیاوەکەش بە پەرستارەکە دەڵێت: توخوا شیکارێکی میزیشم بۆ ناکەی؟

لەم نوکتەیەدا گوتنی پیاوەکە (توخوا شیکارێکی میزیشم بۆ ناکەی؟) تەمومژاویو لێلە، ئەمەش بەزاندنی بنەمای شێوازە کە پێماندەڵێت، دەبێت گوتنەکە دوور بێت لە هەموو لێڵیو تەمومژو شاراوەییەک، کورتوپوختو ڕیکوپێک بێت، لەگەڵ بەزاندنی بنەمای چەندێتی کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بڕی گوتنەکە بە پێی پێویستی بێت، ئەوەندە زانیاری بخەرە ڕوو کە گوێگر پێویستەتی، کە بێگومان لەم نوکتەیەدا زانیاری پێویست نەخراوەتەڕوو.

+< نەخۆشەکە دەیەوێت بە هەمان شێواز و ڕێگا شیکاری میزی بۆ بکات، کە چێژێکی سێکسی پێدەگات، لە کەلتوری ئەوروپیو ئینگلیزیو زمانی ئینگلیزیدا بە (٦٩) ناو دەبرێت.

**ئەنجام**

لە کۆتایدا ئەم ئەنجامانە دەخرێنەڕوو

١- نوکتە لەڕووی ئەدەبییەوە بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆر، بەڵام لە ڕووی زمانەوانییەوە یەکێکە لە دەربڕینە چەسپاوەکانی وەک (پەندو ئیدیەمو کۆمەڵەوشەو وشەی لێکدراو)، بۆیە لە هەر دوو ڕەهەندەکەوە (ئەدەبیو زمانەوانی) لێدەکۆڵرێتەوە.

٢- زۆر هۆکار هەن، کە نوکتە تیایاندا بەرهەمدێت، چێوەی بارو سیستەمی دەنگیو جولەی لەشو ڕوخساری نوکتە گێڕەرەوە زەمینەی لەباری نوکتەن.

٣- سەرەڕای نوکتەی پەروەردەییو ئاینیو سیاسیو کۆمەڵایەتی، بەڵام نوکتەی سێکسی بڵاوترین نوکتەیە لە کۆمەڵی کوردیدا.

٤- پراگماتیکو بە تایبەتی لادانو بەزاندنی بنەماکانی گرایسو بەتایبەتی تر بنەمای شێواز، هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنانی نوکتەن.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

### ا/ کتێب

١- ئاڤێستا کەمال مەحمود، پراگماتیکی رستەی پرسیارو فەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢- ..................، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢.

٣- ئیدریس عەبدوڵڵا، ئەدەبی میللییو فۆلکلۆریی، حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤

٤- بێستوون حەسەن ئەحمەد، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥- جەمال بابان، گالتەوگەپو دانسقەی کوردەواری ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠١٠ .

٦- دارا حمید محمد، هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان، چاپخانەی گەنج، ٢٠١٣.

٧- ڕێبوار سیوەیلی، پێکەنینو فەلسەفە ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٣.

٨- محەمەدی مەحویی، زانستی هێما هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەم -ا- و دووهەم -ب - ، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی،٢٠٠٩ .

٩- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

١٠- یوسف شەریف سەعید، زمانەوانی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

**ب/ نامەی بڵاونەکراوە**

١- بەدرخان سلێمان عەلی، لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، (٢٠١٥).

٢- تریفە عومەر ئەحمەد، پراگماتیکی فەرهەنگیو پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، (٢٠١٣).

**پ/ گۆڤارو ڕۆژنامە**

١- بکر عمر علی، تریفە عمر احمد، مەبەستە پراگماتیکییەکان لە وتاردا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی – بەشی- ب- ، ژمارە (٣٠)،( ٢٠١٠).

٢- عمر محمود کریم و شێرکۆ حمە ئەمین قادر بنەمای هاریکاری لەگوتاری سیاسی کوردیدا ، گۆڤاری ئەکادیمی ، ژ( ١٥) ، (٢٠١٠).

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

1. Birner b.J,(2013) Introduction to Pragmatics, Ho printing Singapore Pte Ltd.
2. Jean A. (1999), Teach yourself Linguistics, NTC Publishing group.
3. Yule G. (1996), Pragmatics, Oxford University press .

# Abstract

This paper entitled (Implicatures role in production of the jokes).The research treated with pragmatics conceptual, therefore obligate to posit the maxims of incorporation, and what happened when we deny these maxims. The research failed into two chapters ,the first one presents some literature review ,definition of phenomenon of implicature in pragmatics and its basics .The second chapter is about how to apply crises maxims on to the Kurdish language to produce jokes ,then we analysed some jokes according to implicatures rules Conclusion and abstracts are the end of this research.

# المستخلص

هذا البحث المعنون ب( دور التعريض التداولي قي إنتاج الطرائف) ، يتعامل الباحث مع المفاهيم المتداولة ضمن التعريض المعنوي خلال الحوار اليومي و يعتمد البحث بالأصل على مبادئ التعاون التي طرحها (گرايس) و الأبعاد التي تظهر خلال ابعاد أو خرق تلك المبادئ . يتوزع البحث على مبحثين . الفصل الأول : يطرح الإطر النظري لهذه الظاهرة في دائرة المفهوم التداولي و الفصل الثاني : يقوم بتطبيق تلكم المبادئ في المساندة في الإنتاج الطرائف والمفارقات اللغوية بشئمن التفصيل مقترناً بأمثلة محااةمن اللغة الكردية، تصفيف المصادر و الخلاصتين بعد أهم النتائج تكون في نهاية البحث.